یوسف بۆ براکانت خستە بیر و وتت گورگ خواردنی ؟ … نە ژاد عزیز سورمێ

با ،
دوور لە ئومێد
پەپکەی خواردبوو ..
لە دەنگی خرینگە زیاتر نەدەبیسترا ..
بە قووڵایی بیر ،
بە بەر سێبەری بێدادیدا
دەدرەوشایەوە ..
لە ژێر چ سرووتێکی هەوەدادا بووی ؟
لە تافی چ شادییەکی بە لەنجە ؟
بیرت لەوە کردەوە ،
براکانت بخەیتە بیر یوسف !
* *
یوسف !
تۆ لە هەموویان جوانتر بووی ..
لە هەموویان خۆشەویستر ..
خێر و مانگ و ئەستێرەی ئاسمانان
بۆ باڵات دەنووشتانەوە ..
ئیرەییت بە چییان برد ؟
یوسف
براکانت بۆ خستە بیر و
وتت گورگ خواردنی ؟ !
* *
ئێمە کەمەڵك مردوو بووین ،
ماندوو
لە زەماوەندی ستەم گەابووینەوە
پاڵمان بە دیوارێکی ووخاو دا بوو ،
تۆمان دی لە بێدەنگیی سپێدەیەکی ئارایشتکراودا
کراسە بەخوێن کراوەکانیانت بە دەستەوە بوو
لە دوور ەا ،
بە چەند ئاڵایەکی تەسلیمبوون دەچوون

بە یتمی هاواریان پدەکەنی ..
یوسف
براکانت بۆ خستە بیر و
وتت گورگ خواردنی ؟ !
* *
نەخشەی تەمەنت هەمووی
بە قوربانی ،
تاخچەیەکی پەمەیی
کشکی عەزیزی میسر کرد ..
ئەشکەوتکی چۆل بوو ،
تەنیا دەنگی خۆت لە دەبیست ..
بە تەنیا خۆت تیا دەدی ..
(زولەیخا) ئەو تریفە بە خەرمانە نەبوو یوسف !
مەوداکان ،
لە ساتکی هەدمەگرتوودا ببینە ..
بۆ براکانت خستە بیرەوە و
وتت گورگ خواردنی ؟ !
* *
زامی بەفر
تارمایی شکۆفە
کوانووی سارد ..
لە کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵیدا
تاوتوێی هاوارە دوایی نەهاتووەکانی
بن بیریان دەکرد ..
با ،
نهێنی بۆ دیوان لێ دەدزین ..
ئاڵۆز بوو ،
لەخۆنووسانکی ئاڵۆز
ژوانی ناوەختی
یوسف و بیر ..
* *
هەتاوی کوژاوە ،
نم نم
بەسەر جەستەی برایاندا
دەژایە خوار ..
(زولەیخا) خەونکە
لە ئەندێشەی منانەمدا ..)

وەهای گوت یوسف .
* *
کەمەی مردووان ،
هەشتا بە پاڵ دیوارەوەن ..
جەستەی کەەکە بووی براکان
لە (بیر) ی بڕ هاوار … بڕ بانگ ..
شەتایەتی سرووشت ..
خەوی ئەبەدی ..
یوسف لە کەشك ،
درەختەکە بە تاریکی تەرز داوە .
کانوونی یەکەمی- 2016